IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)

Journal of Language Studies

Contents available at: http://jls.tu.edu.iq

# The nation in the history of poetry

Asst. Prof. Dr. Muhammad Amin Muhammad *
Sulaymaniyah University, College of Languages
Muhamad.noori@univsul.edu.iq

**Recived:** 23 /3/ 2022 , **Accepted:** 20/4/2022 , **Online Published :** 17/7/2022

## Abstract

Title and field of research: The title of the research (Nation in the History of Poetry), in which we try to present the principles of nation as a moral behavior in the structure of the nation We have tried to present the relationship between these scientific concepts in two parts **.**

**Keywords:** Kurdish people, poets, independence, freedom.

# الامة في تأريخ الشعر

ا .م .د. محمدامين محمدنوري امين
جامعة سليمانية
كلية اللغات /قسم اللغة الكوردية

**الملخص :** اذا امعنا النظر فى تاريخ الشعب الكردى منذ القدم ، لتبين لنا انه شعب مجزأ ومقسم ومستعبد من قبل المحتلين ،وتحت شتى الذرائع بما فيها الذريعة الدينية ، وقد قاسى الشعب

* **Corresponding Author**: Asst. Prof. Dr. Muhammad Amin**, E.Mail**: Muhamad.noori@univsul.edu.iq
**Tel**: +9647719470504**, Affiliation**: Sulaymaniyah University -Iraq

الكردى بما لم ولن يقاســيه اى شــعب اخر فى كل ارجاء المعمورة وعلى مر التاريخ، لذا الادب الكردى لن تخرج عن هذا الاطار.

لكن ومع هذا اخذ الشعراء الكرد على عاتقهم موقفا قوميا اصيلا وانسانيا لذود عن معاناة شعبهم بكل جرأة وشجاعة تاركين للتاريخ مواقفهم اللامعة ووقوفهم الشامخ مع قضاياهم العادلة ، وجعلوا من اشــعارهم نبراســا ضــد المحتلين الاشــرار،كما ان باشــعارهم الهبوا حماس الجماهير الكردية ليكونوا مشـروعا ثوريا واسـتشـهاديا من اجل نيلهم الحرية والاسـتقلال.وكما كان اشـعارهم سـلاحا فعالا بوجه المحتلين تعتبر مرأة المراحل المختلفة لنضال الامة الكردية.
ان حاجى ــ خانى قدموا مشروعا قوميا من اجل الاستقلال ونيل الحرية، ولكن مع الاسف الشديد لم تثتسمر بشكل مثالى ولحد الان، مثلما كان اشعارهم مشروعا نقديا لواقع الحال الكردى .

**الكلمات الدالة:** الشعب الكردى ، الشعراء ، الاستقلال ، الحرية .

## نەتەوە لە مێژووی شیعر دا

**پ .ی .د. محەمەد ئەمین محەمەد نوری ئەمین**

**زانكۆی سلێمانی**

**كۆلێجی زمان**

**بەشی كوردی**

## پوختەی باسەكە

نەتەوە زاراوەیەكی واتایی پڕبەهایە لەئەســتۆی هەرتاكێكدا،كاتێک نەتەوە شــووناســی خۆی دەبەخشــێتە تاكەكانی، ئەوا ئەركێكی گران و پیرۆز هەواڵەی ویژدانی تەواوی تاكەكان دەكات ،لێرەوە پەیمانێكی ڕەووشــتی دەبێتە بنەمای گشــتی بۆ پەیوەندییەكی ڕۆحی و ئەزەلی لە نێوان تاک و خاک ونەتەوەدا،شــاعیرانیش وەک هەر تاكێكی تری نەتەوە هەمان ئەرک لە ئەســتۆ دەگرن لە ڕێڕەوی گەشــەو پەرەســەندن و هەورازوو نشــێویەكانی نەتەوەدا، شــاعیران ئەركی ویژدانی وڕەوشــتی خۆیان لەكۆڵ ناوەو لەهەگبەیاندا هەواڵەی مێژووە جیاوازەكانی نەتەوە یان كردووە، ئێمەش لەباسەكەماندا هەوڵمان داوە ئەم ڕاستیانە بخینە ڕوو.
كلیلە وشە: نەتەوە.مێژوو.شیعر.
پوختەی توێژینەوەكە : ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشــــەكی و پوختەی توێژینەوەكە ، دابەش كراوە بەسەر دوو بەشدا :
بەشــــی یەكەم : خەونی نەتەوەیی لە پرۆژەی خانی - حاجیدا ..هەوڵمانداوە دەنگی نەتەوەیی وچەمكی ناســـیۆنالیســـتیانەی هەردوو شـــاعیر و پرۆژە ڕەخنەییەكانیان بخەینەڕوو، وێڕای دیاریكردنی كەموو كورتی و خستنە ڕووی مێژووی خیانەتی نەتەوەیی، كە چۆن وەک مۆتەكە بەدرێژایی مێژووبەرۆكمان بەرنادات ،هەروەها سروشتی دوژمنان ودەردە كۆمەڵایەتیەكانیان بەوردی دەست نیشانكردووە.

بەشــــی دووەم : تەرخانکراوە بۆدیاریکردنی وەرچەرخانی ناوەرۆکی شـــیعریی لەحاجی دا وهۆکارەکانی ئەو وەرچەرخانە وکاریگەری لەسەر بیرو ڕەنگدانەوەی دەقەکانیدا .
لەکۆتایشدا ئەو ئەنجامانەمان خستۆتە ڕووکە لە دەرەنجامی توێژینەوەکەماندا پێیگەشتووین .
پێشەکی :
ناونیشــان و بواری توێژینەوە : ناونیشــانی توێژینەوە (نەتەوە لە مێژووی شـیعر) دا ،کە تیایدا هەوڵ دەدەین بنەمـاکـانی نەتەوە وەک ئـاکـارێکی مۆراڵی لە بوونیـاتی نەتەوەدا بخەینە ڕوو، لەگەڵ دیاریکردنی ئەرک و بەها پیرۆزەکانی هەرتاکێک بەرامبەر نەتەوە لەبازنەی مەعریفی ئەواندا،شـــاعیرانیش وەک هەر تاکێکی خاوەن ئاوەزوو وشـــیار لەمێژووی نەتەوەدا ، ڕۆڵی گران و ئەرکی مەزن لە ئەســـتۆ دەگرن،هەوڵمانداوەپەیوەندی نێوان ئەم چەمکانە زانســـتیانە بخینەڕوو لە دوو بەشدا:
1- خەونی نەتەوەیی لە پرۆژەی خانی - حاجی دا.
2- نیشاندانی وەرچەرخانی ناوەرۆکی شیعری لە حاجیدا .
هۆکاری هەڵبژاردن وگرنگی بابەتەکە : گرنگی باسەکە لەوەدایە کە چۆن شاعیرانی کورد بە درێژایی مێژوو خەمی نەتەوەکەیان لە کۆڵ گرتووەوئاوێنەی خســـتنەڕووی نەهامەتی و زوڵمە ناڕەواکانی ســــەریەتی ،وەچۆنیش دەقەکانیان کردۆتە چەکی ڕووبەڕووبوونەوەوجۆشـــدان،لە هەمان کاتدا دەقەکان دەبنە ئاوێنەو تۆمارکەر و نیشاندانی ڕاستییە مێژووییەکانی هەرقۆناغێک لە قۆنـاغە جیـاوازەکـان و ســــەردەمەمێژووییەکـان،لە هەمووی گرنگتر ڕوویەکی ڕەخنەیی بایەخداری مێژووی پڕشـــەرمی خیانەتکاری وخۆ فرۆشـــی دەهاونە نێو مێژووی نەتەوایەتی، بۆیە بەلامانەوە گرنگ بوو مێژووی پڕ شکۆی شیعر وڕەهەندی نەتەوەلە عەقڵیەتی شاعیراندا لە ساتە وەختە مێژوویەکاندابخینە ڕوو.
سنوورو کەرەستەی توێژینەوەکە : توێژینەوەکەبەپێی گرنگی باســەکە پەیوەسـت نەکراوە بە قۆناغێکی دیاریکراووی مێژووی نەتەوەوە،بەڵکو لە باســەکەماندا هەوڵمانداوە ڕەچاوی پێگەی شـــاعران ودەقەکانیان بکەین بە درێژایی مێژووی نەتەوەییمان،تا نەتەوەو خاک و هەڵوێســـت لەقۆناغە جیاوازەکاندا نیشان بدەین و کەرەستەی بەکارهاتووش بریتییە لە دەق و زمان و درک و پرۆژەی ڕەخنەی نەتەوەیی شاعیران.
گرفتی توێژینەوەکە : لەهەمووقۆناغە جیاوازەکانی نەتەوەدا دەگمەن شـــاعیری کورد دەبینین کە هەڵوێسـت و ویژدانی تێکەڵ بە هەناســەی نەتەوە نەکردبێ وخەمی خاک و نەتەوەی لەکۆڵ نەگرتبێ،لێرەوە ئەرکێکی گرانمان کەوتە ئەســـتۆ لەنیشـــاندانی نموونە شـــیعرییەکاندا،بۆیە هەوڵماندا بە پێی گرنگی دەقەکان و قۆناغەکان نموونەکانمان نیشان بدەین لە باسەکەماندا.
میتۆدی توێژینەوە : لەباسـەکەماندامیتۆدی وەسفی شیکاریمان بەکارهێناوە، بەهۆی گونجانی لەگەڵ بنەماکانی باسەکە بۆ گەشتنە ئەنجامی دروست سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکەمان.
لەکۆتایشدا ئەو ئەنجامانەمان خستووەتە ڕووکە لە دەرەنجامی توێژینەوەکەماندا پێیگەشتووین .

- بەشی یەکەم : خەونی نەتەوەلە پرۆژەی خانی تا ئەندێشەی حاجی.

پێش ئیســـلام واتـا و ڕەهەنـدی نەتەوە لە فەرهەنگی شـــــاعیرانـدا نـابینرێ ، لەگەڵ ســــەرهەڵدانی ئیسـلامدا نەتەوە ڕەهەندێکی گشـتی لە قاڵبی باوەر دا لەخۆگرت، کە ئاماژە قورئانیەکان ئەم بوچووونە دەســلمێنن ، هەندێک زاراوەی قورئانی پیرۆز وەک (( الحين ، الوقت ، وجماعه من الناس المنتميه على دين واحد الذي ينتهجون طريقه واحده فی الحياه )) لێرەدا جەماعە بەمانای ئوممەی ئیسلامە .
ناصیف نصار لەمبارەوە دەڵێت :
( پەیامی ئیسـلام کە پێغەمبەر (د.خ) هێنای دەبوو کۆمەڵێکی نوێ بەرهەمبهێنێ کە ڕەهەند و واتـای نەتەوە لە چوارچێوەی ئیمـان و بـاوەردار دیـاری بکـات ،بەمەش ئیســـلام کیـانێکی یەکگرتووی لە ڕەگەزەکان خسـتە نێو فەرهەنگی نەتەوەوە ،ئیسـلام بەکۆی گشـت نەتەوەکان یەکســـانی ودادپەروەری و برایەتی کردە بونیادی ئەم ڕەهەندە و لەکۆتاجار دا گۆمەڵگایەکی

ئیسـلامی میانەرەو هاتەکایەوەلە ئاسـتێکی فراواندا بیر وهەسـت وپەیوەندیە کۆمەلایەتییەکان لەتاکەوە بۆ کۆ یا لە بەشەوە بۆگشت بەرهەمهات ، ئەمەش چاندنی گیانی مرۆڤ دۆستانە بوو لە ناخی تاکی عەرەبدا ،کە ئیسلام توانی بیری خێلەکی بەرەو رەهەندێکی مرۆڤایەتی لە ئاستە گشـتیەکەیدا بەرێت ،( کعب کوری مالک) پێشـەنگی ئەو دەنگانەیە کە بونیادی نەتەوەی لە واتایەکی دینی دا نیشانداوە :

لم الاله به شعثا ورم به

امور أمته ، والامر منتشر . سلام ویب.الصفحة الرئیسیة

هەر لێرەوە ئەم بۆ چوونانە لە بواری کردەییدا قاڵبی خۆی گرت و نەتەوەو رەگەزەکان لە ناو زاراوەی ئیسلامدا رەنگی گرت وتوانەوە ، ئەم را ستییەش لەراوێژکارانی پێغەمبەر د.خ کە ( گاوانی کوردی و سـەلمانی فارسـی و سـوهەیبی رۆمی و بیلالی حەبەشـی) دا بەرجەسـتە بوون.

دۆزی کوردی دیرۆکی نەتەوەیەکە کە بەدرێژای مێژووی بوونی خەڵتانی خوێنە ، ئازاری گڕکانێکی لەناخی هەر تاکێکی نەتەوەی کوردا ، شـــاعیرانی کورد هەمان ئەو تاکەن بە تێکسـتەکانیان درەختی هیوایان لەناخی نەتەوەکە یاندا چاندووە ، ئەو دەنگە بروسـکاویە بوون دوژمن هەژێن ، وەک چۆن دەنگ و ویژدانی نەتەوە بوون .

ئەو خەتمە ژ بۆ قەبیلی ئەکراد

وان دانە ب شیر هیممە ت و داد

یان

ئایا ب چ وەجە مانە مەحرووم

بیجوملە ژ بۆ چەبوونە مەحکووم رەسـول، 2008، 109، 110

.هەروەها گۆڤاری هیوا.1987 .3

خانی دەپرسـێ ، خۆ ئەگەر ئێمە خاوەن تاج و دەوڵەت بوینایە ، ئەوا بێ دوو دڵی نەتەوەیەکی دیار و بە توانای سەر زەمین دە بوین .

گەردی هەبووا مە ئیتفاقەک

ڤیکرا بکرا مە ئینتقادەک

رووم و عەرەب و عەجەم تەمامی

هەمیان ژ مەرا دکر غولامی رەسول .2008، 53

لە هەمان کاتدا ئەمە پرسـیارێکە خانی دەیوروژێنێ و میری بۆتان و تەواوی میرە کوردەکانی دی دەخاتە ژێر باری گرانی وەڵامدانەوەی ، ئەمە پرسـیارێکی لۆژیکانەیە کەتا ئێسـتاش مەوداکانی هەمان بەرپرسـیارێتی دە ووروژێنن ، خانی فەیلەسـووف بەهەمان شـێوەی فیر دەوسی توسی شاعیری نەتەوە پەرستی فارسی ئەم پرسیارە لە میرەکانی بۆتان و ئەوانی دی دەکات ؟ فیردەوسی بە نووسینی شانامە بە ساسانیە کان دەڵێت : ئێوە خاوەنی ئەم رابردووەن ، ئەم قارامانانەن کەلە شانامەدا ناویان هاتووە ، روستەم و زاڵ و گیو ، بەهمەن و فلامەز ، هتد ، ئەوا خانیش بەم دەقەی هەمەن پرسیار لەمیرانی کورد دەکات بەدیوە کوردیەکەیدا :

ئەمما ژ ئەزەڵ خودێ وەساکر

ئەڤ روم و عەجەم ل سەر مەراکر رە سوڵ،2008، 111

لەم دەقەدا خانی وەک کەسـێکی خاوەن ئاوەز و وشـیار و دوربین ئیرادە دەکات هێزی بەر خودان و هەستانەوە و ئیرادە دژ بە قەدەرێکی جەبری دەدەن، ئەمە ئاکاری ئەقڵی بیر مەندێکی کوردە ، کە هەر چەندە رەهەندی ئەقڵی ئاینی یان سـوفیگەری بەرهەمهێنی ئەم دەقەیەتی، لەگەڵ ئەوەشـدا ئیمانی جەبری بەلادا دەنێتء وەک کوردێک رەهەندی ئایندەء ئیرادە دەکاتە

ماکی بوونء دروست بوون، ئەمەش هەمان دەنگی جەزیریە کە خوازیار بوو دەنگی لەبۆتانەوە بهاوێتە تەواوی کوردستان..

گوڵی باخی ئیرەمی بۆتانم

شەپ چراخی شەبی کوردستانم                موکریانی ،1361، 61

خانی باوەری دەخاتە ژێرکاریگەری ئاوەزەوە ، کراوەو ڕەها ، باوەڕ لە ژێر باری سنورداریە وە دەر دێنێ و چەمکی خواناسین لە ڕەهایەتی وکوێرانە پەرستن، یا ئیمانی جەبری بەلوجیک دەهاوێتە بازنەی ئەقل و پرسیارەوە، ئەو وەک ڕوناکبیرێک ڕۆلێکی مەعریفی بەرهەم دێنێ و فەزایەکی کراوە لە نێوان تێگەیشتن لە ئاین و نەتەوە دەخوڵقێنێ .

ئۆر بیللی دەڵێت :

((کە دەڵێین شاعیر و نووسەر نزیک لەگەلی خۆیە و بەندە بەگەل و جەماوەرەوە ،دەبێ یەکەسەرناوی سێ شاعیر بێنین فیردەوسی ئیرانی و رۆستا ڤیللی گورجی و ئەحەمەدی خانی کورد)) .        ڕەسوڵ . 2008، 8

خانی ژیانی کوردی بە جۆرێکی ئینسکلۆپیدی نیشانداوە ، کە وێنەی گەلێکی دابەشکراو و کۆیلەکراو وەک خۆی دەخاتە ڕوو ،لە هەمان کاتدا بیری چینایەتی و ئاینی و سیاسی خۆی نیشانداوە :

ئەز مامە د حیکمەت تا خودێدا

کرمانج د دەوڵەتا دونێدا

ئایا ب چە وە جە مانە مەحروم

بیجوملە ژ بۆ چەبوونە مەحکووم هەمان سەرچاوە . 61

خانی هەڵگری پرۆژەیەکی ناسیونالێزمە و بە ئاگاییەوە دەدوێ دەیکاتەسەر چاوەی هەستەکانی ، دواتر ئاوەز دەکاتە خاڵی گوتاری خودی ، بەمەش تاکێکی ڕیالیستی ئەزموون گەرا نیشاندەدات ، ئەمە دیدێکی فەلسەفییانەی ئەرستۆییە ، وەک ئەو زانین دەکاتە سەرچاوەی هەست و ئاوەزیش دەخاتە پاشکۆی هەستەکان.

هۆشمەندی خانی لە خودەوە ڕوەو نەتەوە مل دە نێت و بیرکردنەوە قووڵەکانی لە هۆکارە دوورو نزیکەکانی نەهامەتییەکان دەدوێن ، وەک بیر مەندێک ئاکارە سیاسی و ئابوری و رۆشنبیریەکانی نەتەوەکەی دەخاتە ژێر پرسیارەوە ، بڕشتی بیری فەلسەفەی ڕۆلی مەزن لەبەرپاکردنی گۆڕیندا دە گێڕێ ، لە کۆتاییدا ئەنجامێک و دەرهاویشتەیەک دەخاتە ڕوو ، کە ئاکارێک هەیە مەزن و بەنرختر لە ژیان ئەویش ئاکار و ئایندەی نەتەوەییە.

کەدێینەسەر حاجی ئەوا ئەزموون و بونیادی شیعری ئەو لە بیرە نەتەوەیەکەیەوە سەرنج ڕادەکێشێ و وەچەرخانێک دەخوڵقێنێت،کەبەرۆشنەگەری کوردی دادەنرێت وتائێستاش سەرقافڵەی ئەو تەرزەیەو چارەنووسی نەوتەوەیی و ئاسۆی ڕەهابوون بەرهەم دێنێت .

جیهان بینی حاجی لەسنووری سیاسەت و مێژووی کوردیدان و سەراپای کاردانەوەن بۆئەوی داگیرکەر و منی غەفلەت زەدە ، کەجگە لەکاردانەوە پرۆژەیەکی مەعریفی ڕەخنە ئامێز پێشکەش دەکات ، بەهەمان شێوەی خانی خستنەڕووی مێژوویەکی ڕێنیسانسانەی کۆمەڵایەتی و کلتوری و ڕۆشنبیری کوردییە ، لێرەدا حاجی بکەرێکی کاراو ئەکتیڤی وروژێنەرە لەناو ناخی تاکی کوردیدا ، کەلەراستیدا حاجی و خانی نەبێت ئێمە بەدرێژایی مێژوو خاوەنی پرۆژەیەکی پەرچە کرداری نەتەوەیی نەبووین دژی ئەوانی داگیرکەر ، لێرەوە برشتی ئەم تەرزە شیعرەی حاجی هێزو تینێکی تر بە شیعرەکانی تری حاجی دەدات ، لای حاجی قەیرانی نەتەوە لەشوناسی کەسێتی و نەتەوییدا بەرجەستە دەبێت ، کەئەم ڕاستیە بەرەو ڕووبەرێکی فراوانتر کەنەتەوەیە پەل دەهاوێژێت .

کەوەک ئاخاوتنی ڕۆژانە بە ئاسانی دەچوونە بیری ئێرانییەکانەوە)) .ئەمین.2004. 108

بۆ ئەمیرانی غەیرە دەبنە گزیر

نەک لەخۆیان یەکێک ببێتە میر
ئێستەکەش فرسەتە گەلی یاران
کەپەنەک بۆ چیە لەپاش باران                    حیلمی ،1988، 108

زمانی پ رهەمهێنانی گوتارێکی سیاسی وا بەستە بەکەسێتی و دۆزی اراو وسادەی حاجی سەرنجراکێشن ، کەبە نەتەوەو ئایندەکەیەوەیەتی ، ئەمەش کتومت لەسەردەمی مەشروتەی ئێرانیدا دووبارە بوویەوە کاتێک شاعیران بەزمانی سادەو پاراو جۆشی خەڵکیاندەدا ، ئەمە هەڵپژانی ڕۆحە لەجەستەی نەتەوەدا ، (( شیعرە فارسییەکانی کەسانی وەک عارف قزوینی و عیشقی و لاهوتی و سید ئەشرەفی گەیلانی و کەسانی تر ، زمانیان بەجۆرێک جەماوەری و نزیک خەڵک بوو

دەقەکانی حاجی پاڵنەری کاردانەوەیەکە لەئەندێشەو ئەزموونی ئەودا ، دواتر وەک پرۆژەیەکی مەعریفی ڕەخنە ئامێز گوزارشت لەخۆی دەکات ، ئەمەش بەرجەستەی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری ریالیستانەی عەقڵی حاجییە ، تائەم دەمە کورد وەک نەتەوە لەتوانایدا نەبووە هەردوو پڕۆژەی نەتەوەیی ئەم دوو شاعیرە بکاتە پرۆژەیەکی درێژخایەن ، تەنانەت نەکراونەتەوە بکەرێک کە ڕووداوەکانی پێ دروستبکەن ، دوای مردنی حاجی بەنزیکەی (130) ساڵ لەبری بەرهەمهێنانی ماناو دەلالات ،شوناسی نەتەوەیی لەقاڵبێکی قێزەونی حیزبایەتیدا قەتیس کران ، ئەمەیە بنەماکانی لێکترازانی کورد و مێژووەکەی ، دەسەڵاتەکان پڕۆژەی کوشتنی ئازادی ودوو ئیدارەیی بەرهەمدێنن، کەسەرەنجام خودی ئەوانیش لەکایەی سیاسی ڕووداوەکاندا لەخاڵ سفرداولەهەرە قووڵایی تاریکی مێژووی نەتەوەدا دەبینرێن، ، لەدواجاردا زەمینەی ڕەخساوی پڕۆژەی خانی و حاجی لەبەین دەبەن ، ئازادی کوژان و نەتەوە فرۆشان ئیفلیجی عەقڵین ، بەڵام ئەوان لەوەهمدا دەژین ، لێرەوە نەتەوە هەنگاو بەگیانی حاجی و خانی دەنێت یەکێتی بوون و کارو بیر تویێشووی سەفەری گەشتنە بەرۆح و ئازادی ڕەهای نەتەوەکەمان ، پڕۆژەکانی حاجی دەستەبەرکردنی ئازادی یە کەناسنامەی نەتەوەیی خۆی بەدەست دێنێت و مرۆڤی کامڵ بووی خاوەن شوناس لەهەناوی بکوژانی ئازادی و جەلادە تاڵانکارەکان و فرۆشیارە نەتەوەییەکاندا لەدایکدەبێت .

لەدەشت و دێ ویلایەت ببنە ئەحباب
وەکو شەخسێکی واحید بن لەهەرباب
هەمووتان ببنە یەک دەستوور و نوسین
جل و بەرگ و زوبان و سەرحەدی ڕەی
مەلا کەریم ،1989، 313

لێرەدا کۆمەڵگا لەکرۆکی عەقڵی حاجیدا ئاواتێکە کەدەیەوێ لەتاکەوە بەرەو ڕووبەرو پانتایی نەتەوە مل بنێت ، نەک کۆمەڵگایەک بێت وەک ئێستا لەسەر ویستە غەریزەییەکان بنیاتنرا بێت ، لای حاجی پەرەسەندنی نەتەوەلە ئاستی عەقڵ و ڕۆشنبیردا سەرچاوە دەگرێت ، کەدواجار بەرهەم هێنانێکی مرۆیی و شارستانی دەبێت ، حاجی کەسێکی ئاواتە خوازە، بەڵام سنووری ئاواتەکانی لەبازنەی مێژوو نەتەوەدا گرێداوە ، کەهەمیشە لەتەوەرەی بوون و هەڵچوونی ڕووداوەکاندا دەردەکەون ، تێروانینی ئەو گشتگیرانەیەو سنووری تێربوونی ڕەهایە ، ڕەهەندی وشیاری و ئازادی و کارو زانست و هونەر فاکتی ڕووداو دروستکەرن کەلەدوا مانا دەلالیەکانیدا گۆڕانکاری لەخۆدەگرێت و ڕۆحی بکەریش هەمیشە ئاوێزانی بەدی هاتنی ئاواتەکانە ، ڕۆحی حاجی پاڵنەرە ، بزوێنەرە لەهەناوە لاوازەکاندا بوونی نییە ، بزوێنەر جووڵەیەک دروست دەکات کەمۆتیڤەکانی ڕەهابوون لەجەستەی عەقڵەکاراو مەعریفییەکاندا بەرهەم دێنێت ، کەباس لەهیوا دەکەن ناکرێ هەڵوێستی نالی لەوەها دۆخێکدا فەرامۆش بکەین بەتایبەت لە "شەوی بەهاری جوانیدا" پێش کۆچکردنی نالی بابان و میرنشینەکە ئاوات و هیوای بەدەست هێنانی خەونەکان بوون ، بەڵام لەچرکەساتێکدا ئاواتەکان خەفە و هیواکان

خامۆش دەبن ، لێرەدا ئاستی کردار لاوازە ، ئاکاری لاواز کاری لەبارچوونی بکەرێکی کاراو کارامەی خاوەن پرۆژەیە ، بۆیە نالی میرنشـــینەکە بەهەڵچوونی کاتی تێدەگات و هیواکانی لەباردەچن و لەبەر داشی مێژوودا دیسانەوە کورد و ئامانجەکانی خاش دەکرێن :

غوباری ئەو شەووڕۆژەن ڕدێنی ماش و برنج

کەتێکەڵن شەبەهی یوبح و شام و شیر و قیر

مودەڕیس . 1379، 217

تێڕوانینە تراژیدی ئامێزەی نالی نیشـــاندانی ئەو مەرگەســـاتانەیە کەداگیرکەری تورک ئەو میرنشینە لەبار دەبەن ، بەهەمان شێوەی سالم ، هەرچەند بوونی ئەوان لەمێژووی دەقەکانیاندایە ، بەڵام دەبوو دەنگی ئەوان پرۆژەیەکی ڕەخنەئامێز و نەتەوەییانەی حاجی بوایە ، بەڵام دیارە بیر و ئەندێشەی ناسیۆنالیزمی لە حاجی و سالم و نالیدا ئاسمان و ڕێسمانە ، لێرەدا دوو ئاست دێنە کایەوە ئاســتێک شــینی ســالم و نالی شــینی ســۆزێکی هەڵچووە بۆ خودی میرنشــینەکە کەئەوانی تێدا پەروەردەبوون، پێچەوانەی حاجی یەکە دیدێکی مەعریفی ناســیۆنالیزمانەیە، ئـاســـەوارەکـانی میرنشـــینەکە و وێرانکـاری تورکەکـان ســـۆزی هەڵچوون بۆ بزوانـدن وبەرهەمهێنانی دەقی شـــیعری کە ئەوانی جوڵاندووە و شـــینێکی نوزە لێبڕاو پڕ حەســـرەت سەردەکات نەک دیدێکی ناسیۆنالیزمانە ، کەئەمە نیشـاندانی بکەری لاوازە لە دوو ئەستێرەی شـــیعریدا ، ئەمە پێچەوانەی دیدی حاجی یە کە ئاین لەکایەی فریودان و ڕاســـتیدا دەردەهێنێت وڕووپۆشێکی ناسیۆنالیزمانەی بەبەردا دەکات ، بەڕای ئێمە ئەم حاجی دیدێکی هونەری خستتە ڕووی مەعریفەکانی تاکی نەتەوە دەدوێنێ ، دیالۆگێکی داخراوی نێوان خود و مێژوو ، خود و نەتەوە واڵادەکات وێنەیەکی مێژووی ئایندەیی لە بیری ئەواندا دەووروژێنێ و پرســـیار گەلێک بۆ ئەوان و بیر و شیعر بە بەجێ دەهێڵێ، بەتێگەشتن لەمەوداوڕهەندی ئاین کە دوژمنان 226 وەک چەکێکی دوفاق لە بەرژەوەندی خۆیان لەگەمەی سیاسیدا بەکاری دەهێنن . کدکنی،1359 ، 19

حاجی وێڵی یان لەئەندێشـــەی بنەماکانی گۆڕان و وەچەرخاندا بوو ، وەچەرخانێک لەکۆی پێکهاتەی بونیادی نەتەوەدا، بیری حاجی و گوتاری حاجی کەوتنە چوارچێوەی بیرکرنەوەیەکی ڕەخنەگرانە ، لەئاین ، دەســـەڵات و دەرخســـتنی فۆڕمێکی نوێ ، ئەمەش کت و مت وەک گۆڕانکارییەکانی سەدەکانی 16-17 ی ئەوروپایە ، سەرەتای سەرهەڵدانی عەقڵ و عەقڵانیەت ، دیدی حـاجی بۆ ئـاین تەواو کۆکە لەگەڵ بۆچوونەکـانی "مـارتن لوســـەر" کـاتێ نـامەیەک ئاراستەی پاپا لیۆنی دەیەم دەکات و دەڵێت :

"پاپا بۆی هەیە هەڵە بکات ، چونکە مرۆڤە ، کڵێسا شوێنێکە تەنها و تەنها دەستکردی مرۆڤە و موقەدەس نییە ، بەڵام کڵێسای ڕاستەقینە لەدڵی هەر مەسیحیەکدا هەیە" .

ئایا تێڕوانینی حاجی بۆ مامەڵەکردنی تاک و مەلاو شـــێخی کوردی لەگەڵ ئایندا بە هەمان شێوەی نامەکەی (مارتن) دا یەکناگرنەوە ؟ www.aljazeera.net

حەزدەکەی تێبگەی لەبێ دینی

ببە دەروێشی شێخەکان بەهەوەس .

میران ،.شارەزا. 2707 ،65

وە یان دەڵێت :

سۆفی وەک تیشنە بوو بەزیکری هەتاو

سەد نوێژی دەدا بەکاسەیەک ئاو هەمان سەرچاوە، 166

بیری نەتەوەیی لەمێژووی ســیاســیدا پەیوەســتیەکی ڕۆحی لەگەڵ وشــیاری نەتەوەییدا هەیە و دەبێتە ئامرازێکی بونیادی بۆبەرپاکردنی گۆڕانکاریە ســـیاســـی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان ، فرانز فانون دەڵێت :

"وشـــیاری نەتەوەیی وشـــیاری ڕزگار بوونە لەداگیرکردن ر، وشـــیاری بەگژداچوونەوەی کۆلۆنیالیزم و بنیادنانی شوناسی نەتەوەییە" قانع ،2013، 112
گەڕانەوە بۆ پێشەکی باسەکە گرنگە ، ئیسلام لەسەرەتادا سیستمێکی دادپەروەرانەی چاکەکاری لەئاست هەموو نەتەوەکاندا هێنایە بوون ، بەڵام هەر لەدوای هەڵگەڕانەوەکەی وەفاتی حەزرەتی محمد (د.خ) و دروســتبوونی کیانی ئەمەوی و دواتر عەباســـی جۆرێک لەســیســـتمی نەتەوە گەرایی هـاتە کـایەوە ، ڕووداوەکـانی دواتری بەرمەکی و ئەمین و مەئموون ســـەلمێنەری ڕاســـتیەکانن ، دەرکەوت ئیســـلام چیتر ناتوانێ ســـیســـتمێکی دادپەروەرانە وەک پێشـــتر فەراهەمبکات ، (دوقرن ســـکوت)ەکەی د. عبدالحســـین زەرین کوبی فارس هەمان بۆچوون پشتراست دەکاتەوە ، لێرەوە ئیسلام یاپرۆژەی حوکمی ئیسلامی پاشەکشەی کرد با ئەوسیستمە ئیسلامیش بێت وەک سستمێکی حکومڕانی نێو کۆمەڵگاجیاوازەکان. زرین کوب.12، 1378
.
کەواتە یەک دین ناتوانێ چیتر جڵەو بەدەستی نەتەوەکان بێت و هەمووان لەژێر چەتری خۆیدا کۆبکاتەوە ، حاجی کوردیش زوو تێگەیشـــت کەئەمە ڕاســـتیەکەو ناکرێ خۆتی لێ بەلاڕێدا بەریت ، تورکان مەرکەزی خیلافەت دەگوازنەوە ئەســـتەنبوڵ و ســـوڵتانەکان دەبنە خەلیفەی موسـڵمانان و لەژێر چەتری دیندا داگیرکاریە فریو دەرانە و حەرامە گڵاوەکانیان جێبەجێدەکەن
.
شکڵی تەکیە و خانەقاهی شێخەکان واقیعەن ڕەنگینە ، ئەمما بۆڕیان
لەم هەموو شێخ و موریدانی ڕیا
فەردێکی ناچێتە مزگەوتی خودا. میران ، شارەزا،2707 ، 219
هەر لەمبارەوە دەڵێت:
کاکە ئێمە موئمینین نە ڕووسین
بۆچ کوفرە زمانمان بنوسین . مەلا کەریم ،1989، 348
لەلایەکی ترەوە ڕووداوەکان جگە لەناســـیونالیزمە توندڕەوەکان ، کەگوتار و زمانیان نەفی کردنی ئەوانی دی بوو ، ڕادیکاڵانی ئیســلامی بەوپەڕی ئاگاییەوە دینیان بۆمەرامەکانی خۆیان بەکاردەهانی ، لەبەین بردنی میرنشـــینی ســـۆران لەژێر دروشـــمی ئایندا و دژایەتی کردنی نەتەوەی کورد و نکۆلی لێکردنی چ مانایەک دەبەخشـــێت ؟ زاراوەی ( الشـــعوبیە ) جگە لە چوار چێوەیەک بۆ پیرۆز کردنی عەرەب و مەرامەکانیان لە ژێر پەردەی ئایندا چی دەگەیەنێت ؟ لەم بەینەدا عەقڵ و ئەزموونی حاجی ڕاســـتییەکانی زیاتر لا گەڵاڵە کرد ، لێرەوە وشـــیاری حاجی هەوڵدانە بۆ خســـتنەڕووی بنەما مادی و ڕۆحیەکانی داگیرکەران ئەمەش تێڕوانینێکی لۆژیکیە کەئایین و نەتەوە بەدوئاکار و ئاراستەی جیاوازدا سەیربکات ، تێگەشت سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم ئاکاری سـەرهەڵدانی پیشـەسـازی و چینی بۆرجوایە بۆیە ، حاجیش زوو تێگەشت دەرکەوتنی ئەم چینەش لە کوردەواریدا پەیوەستیەکی لۆژیکی بەزانست و هونەرەوە هەیە:
هەرکوردە لەبەینی کوللی میللەت
بێ بەهرە لەخوێندن و کیتابەت
میللەتی بێ کتێب و بێ نووسین
غەیری کوردان نیە لەڕووی زەمین. عەبدولا ،2016 ، 260
جاگرنگترین بنەما ئەندێشەییەکان بنەمایەکی فەلسەفین کەڕاستییەکان تەنها بەشێوەی گشتێنی و مانادار و پێکهاتەیەکی تۆکمە دەرکبکرێن و دیاردەکان بەشێوەی تەریک و لێک دانەبڕاو مەزەندە بکات ، حاجی دەرکی بەم ڕاستیانە کردبوو، جیهانی ئیسلامی بەشێوەی پێکهاتەیەکی گۆڕاوو و خاوەن مانا و لێکترازاوی مێژووی سەیر دەکرد ، جەوهەری شاراوەی ڕاستیەکانی لەودیو دیاردەکانەوە هەست پێدەکرد ، دەقەکانی شرۆڤە و خستنەڕووی ئەو واقیعە بوون ، ڕۆڵی وشیاردەرانەی لەگەڵ پرۆسەی ڕاستییەکاندا نیشاندەدا ، یان ڕوونتر حاجی فاکتی عەقڵانی لەگەڵ فاکتە ئیحساسی و ڕەخنەیەکاندا ئاوێتە دەکرد ، ئەمەش بەرزترین خستنەڕووی

دەقە ئەدەبییەکانە کە هاوتای مانایی مێژوویی لەخۆدەگرن ، چونکە بەرهەمی ئەدەبی لەگەڵ فاکتە نەتەوەییەکاندا پەیوەندە ، داهێنان و وەچەرخان دەگەڕێتەوە بۆ نووسەر ، بۆیە لێرەدا هەمان پرسیار کە ئێرانییەکان بۆ حافزی شیرازی دەیوروژێنن و هەندێک بەتەواو ماتریالیست لەقەڵەمی دەدەن و هەندێک حافز بە تەواو دینی دەزانن و دەڵێن تەواوی قورئانی لەبەربووە .

محمدی،1380، 311

حاجی لەمێژووی فیکری خۆیی و قۆناغەکەیدا وەچەرخانێکی بەرپاکردووە ، کە شیعر و ئایین دوو چالاکی مرۆڤانەن ، پەیوەستییەکی دانەبڕاو پێکیانەوە گرێدەدا لەگەڵ هەرڕووداو و گۆڕانکارییەکدا ، بەپێی قۆناغەکان شێوازی مامەڵەکردن دەگۆڕێ ، پێغەمبەر دەفەرموێ " ان من البيان لسحرا ، وان من الشعر لحكمه" گومانی تێدا ئاین زۆرجار لەپەنای ئەدەبدا کاریگەری فراوانتری لە ڕووبەرە جەماوەریەکاندا دروستکردووە ، ئەم ڕاستییە لە سورەتە مەکیەکاندا ڕەنگدەداتەوە .

حاجی بانگەشەی دەربازبوون لەگێلی و فریو خواردوویی دین دەکات و بانگەشەی سەربەخۆیی سیاسی بەرهەمەندێکی ترەوە گرێ دەدات ، کە ئازادی ئابووری و ڕۆشنبیری و دەروونی و کولتوورییە و بونیادی نەتەوەش لەدادپەروەری کۆمەڵایەتی دانابڕێ و ئاسۆیەکی مرۆڤ دۆستانە بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی دەکاتەوە .

یەک بەرگن و یەک زوبان و یەک ڕەنگ

بێ غەیبەت و عەیب و عار وەکو بووک میران ،،شارەزا ،2707، 31

- حاجی خوازیاری جیاکردنەوەی پرس و لۆژیکی ئاین لەدەوڵەت بووە

ئەمەش ئاکاری عەقڵی ڕۆژئاوایە لە (1453)ز بەدواوە و دوای هەرەسهێنانی دەسەڵاتی پاپا و کڵێسەکان و گرتنەوەی ئەستەمبوڵ،حاجی لەبێگەردی ئاین گەشتبوو ، بەڵام هەرزوو دەرکی بەوڕاستییە کرد ئێستە ئایین کراوەتەوە ئامرازی داگیرکاری و داپڵۆسین و فریودان ، ئەو ئاگاداری گۆڕانکارییە ریفۆرمیستەکانی عوسمانییەکان بوو ، لەساڵانی 1840-1858 زکەسزای دەستبڕین و هەڵگەڕانەوە لەدین بەتاوان لەقەڵەمنەدان و بەرد باران نەکردنی زیناکار و ....هتد حاجی بەڕاستییەکانی فریودانی ئاینی گەشتبوو لەچوارچێوەی بەکارهێنانی سیاسیدا لەمبارەوە دەڵێت :

سائیلێکی مەککەیی دێت و بەمەکتوبی درۆ

حیشمەتێک پەیدا دەکا ماڵی فراوان دادەنێ

گەورە دەیخوێنێتەوە هەم بچکە دەینووسێتەوە

بەیتەکانی من لەگۆشەی تاقی نسیان دادەنێ میران ،شارەزا،2707، 157

- حاجی لەپەراوێزی نەتەوەدا

حاجی جیهانێکە لەناو دەقەکانیدا دەیخوێنیتەوە ، حاجی ئاوارە و غوربەت وەچەرخانێکی ئاکاراوی بەخشییە ڕەهەندی نەتەوەیی ، بووە سەربوردەی دیدێکی نوێ ، ئاوەزی حاجی تەرزی شیعری گۆڕیە کۆمەڵێ خەون و ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری ، فۆرمێک بەرهەمدێنێت کەجیهانبینی ساتەوەختەکانی خۆی بۆ ئاینده و مێژوو دەگوازێتەوە و ڕووبەری شیعری بەزمان و وێنەوە لەجەستەی سبەی نەتەوەکەیدا گرێدەدات .

حاجی شیعر دەکاتە ئامانج و کوانووی سەرختنی خەمەکانی ، دەقەکانی خەم و ترسی لەخودەوە بۆ ئەوانی دی ڕەوانەکرد ، زمانی شیعری و خەمەکانی بوونە ڕەهەندێک ، کە دواتر شوناسێک لەئاستی کۆی نەتەوەدا بەرجەستەبکات و حاجی شۆڕشگێڕێکی پانتایی نەبەرد و وشیاری نەتەوەییە ، خەمەکانی زەنگی وریاکردنەوەو هەستانەوەیە ، دەقەکانی بزوێنەری جەستە خامۆشەکان و ڕاچڵەکاندنیانە ، ڕەخنەگرێکی بوێری دیاردە و نەهامەتەیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانە ، لەحاجیدا دووڕەهەند بەدەردەکەون کەپێمان وابێت دیاردەیەکی نوێیە لەمێژووی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتیماندا ، حاجی ڕۆشنبیر ڕەخنەگرێکی وشیاری سیاسی

و کۆمەڵایەتی و چینایەتیە و لە هەمان کاتدا پێناســـەیەکی نوێ بۆ ئاین و نەتەوە دەخاتە ڕوو ، جگە لەبەخشـینی شـوناسـێک بەهەموو سـنوور و مانا فراوانەکانیەوە ، چەکیش ئاسـتێکی تری ڕەهەندی ڕزگاری نەتەوەیی بیری (حاجی) یە

لەمابەینی کڵاو ســـور و کڵاو ڕەش       پەرێشـــانین دەبینە میســـلی گای بەش       .

سەرچاوەی پێشوو،33. 33، 33

سەلاحی ئێوە ئێستاکە سیلاحە       تەماعی گەورەیی بێ چەک نەکەن نەک       هەمـــــان

سەرچاوە 23

لەو لەیەک کاتدا واقیع و دەرچوون لەبازنەی نەفیەکاندا دەخاتە ڕوو ، ئەو ئێســـتا و ئایندە لەبـازنەی ئـاکـاری نەتەوەدا بەرهەمـدێنێ ، ڕەخنەگرێـک تـاریکییەکـان دەخـاتە ڕوو ، ڕووناکبیرێک ئازادیەکان واڵا دەکات ، حاجی پرس و هەســـتانەوە بۆ دوای خۆی دەکاتەوە ، ئەزموونی ژیانی حاجی ئەزموونی کۆی نەتەوەیە ، دەقی "لەڕۆما کەوتە بەرچاوم" ئەزموونی نەهامەتیەکانی کۆیە لەتاکی تاراوگە و ئاوارەدا ، تراژیدیای مێژوویەکی نەزیفاوی بەردەوامی نەتەوەیەکی بێ دەرەتانە ، مەنفا ئاوات و خەمەکانی دەپرژێنێ مێژوویەکی تاڵی ئێسـتا بەئاواتی دەقەکـانی مێژوویەکی ڕوون بنیـات دەنێ ، لەئـازادی ژن و دەوڵەتی کوردی و کۆمەڵگـایەکی سەنعەتکاری ، یەکیەتی بیر و کارو ئاکاری کوردان .

حاجی لەئەســـتەنبوڵدا خەملی ، دەقەکانی لەبازنەی دەقە شـــیعرییەکانی ســـەردەمی خەملینی نەتەوەکانی تری ســـەردەمیدا لەیەک بازنەدا هەمان هەســـت کۆیاندەکاتەوە، بیری حاجی هەڵقوڵاوی ئەو بەریەک کەوتن و ئـاڵووگۆڕە فیکرییەیە کە لە ئەســـتەنبوڵـدا هەوێنی بۆ دروستبوو.

محمدی مەلا کەریم دەڵێت :

"حاجی شاعیری قۆناغێکی نوێیە لەژیانی نەتەوەیی کوردا

دەقەکانی شۆڕشێکبوون ، دژی هەموو بارە نالەبار و فریوخواردووەکانی نەتەوە".

میران ، شارەزا .2707 ، 31

دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەڵێت :

"حاجی وێنەیەکی ژ یانی خۆیمان دەخاتە بەردەســـت لەگەنجێتی کوردســـتانیدا کەهەمووی کوێرەوەری و نەهامەتی بووە"       رسول ،2010،،68 ،70 ،71

وشکە سۆفی بڵا بەشێخی تەرەس

بابە سەرما نەیێ میسالی هەرەس       میران، شارەزا ، 2010 ، 68، 70 ، 71

یا دەڵێت :

سۆفی بەسەر و ڕیشی بەم خەرقەیی سەردۆش

چەند چێڵە گەل و بزنە گەل و مێگەلی دۆشی       سەرچاوەی پێشوو،143

- بەشی دووەم  :  حاجی و ئەستەنبوڵ

کاتێک حاجی کوردســـتان جێدەهێڵێت ، هەگبەی نەهامەتییەکانی دەپێچێتەوە و ناســـۆر و خەمەکانی بەرەو غوربەت و مەنفا مەنزڵ دەخەن ، ئەو دەمە ئەستەنبوڵ خاڵی بەیەک گەیشتنی بیری ڕۆژئاوای پێشـــکەوتووی ســـەرمایەداری و ڕۆژ هەڵاتی دواکەوتوو و پڕ نەهامەت بوو، حاجی هەر زوو باری گرانی داگیرکاری و چەوســـانەوەی نەتەوەیی و چینایەتی نەتەوەکەی دەرک پێکردبوو ، فریودەرانی دین و ئەوانەشـــی دینیـان کردبووە دەســـتمـایەی ئـامـانجە ســـتەمکـارییەکـانیـان بوونە هەوێنی ڕقێکی پیرۆز بۆ داهێنـانێکی مەزن لەبونیـادی ئەدەبی نەتەوەییدا ، حاجی لەئەســتەمبوڵدا ئاشــنایەتی لەگەڵ بەدرخانییەکاندا پەیداکردو لەوێ چاوی بە مەم و زینی خانی دەکەوێت دەیخوێنێتەوە حاجی کتێب گەلێکی زۆری ئەوروپایی کەدەکرانە تورکی خوێندەوە ، ئەمانە هەموو پڕبوون لەبیر و هەســـتی نەتەوەیی ، لێرەوە وەچەرخـانی شیعری لەحاجیدا چەکەرە دەکات .

کاتێک هەردوو شاعیر بانگەشەی پشت کردنە زوڵفی ڕەش و قەدی باریک دەکەن و ڕووە و نیشتمان و ئازادی نەتەوە هەنگاو دەنێن ، هاواری حاجی دەنگی کپکراوەی نەتەوەیەکی بێدەرەتانە، بەشکراو ستەم لەسەرە ، کەچۆن لەنێوان داگیرکەراندا دەپلیشێتەوە . )

حاجی نێرەرێکی بەرجەستەیی قەوارەی نەتەوەیە ، خودێکە فەزای ڕۆشنبیری و وشیاری بەڕووی مێژوویەکی پڕ هیوای ئایندەدا دەکاتەوە ، بەدوای وەڵام گەلێکی ئاکاراویدا وێڵە ، کەخوازیارە نەتەوە لەمێژووی دواتری ئەودا وەڵامیانبداتەوە ، لەئاستی حاجیدا قەدەر چۆکی پێداداوە و ئیرادە ونە ئەو بکەرێکی کارا و دووربینە ، ئیرادە و مێژوو دەکاتە فەزایەکی کراوە لە ڕەهەندی گەشتن بەهیواکانی لەسبەی نەتەوەدا .

لەمەولاپاکتان بابێنە سەر وەی
لەبۆتان تابەیات وسەرحەدی ڕەی
خاکی جەزیرەو بۆتان،یەعنی وڵاتی کوردان
سەدحەیف و سەد مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان محمدی مەلا کەریم،1989، 314

تەوژمی بیری ئەوروپی بوونە سەرچاوەی ڕۆشنبیری حاجی و کۆدەتایەکی فیکریان لەحاجیدا بەرپاکرد ، جۆشدانی بیری کوردایەتی ئاکامی پەیوەندی ئەو و بەدرخانیەکان بوو ، چاوی بەداگیرکاری عوسمانی هەڵنەدەهات ، تەوژمی بیری ئەوروپی نوێ و ناسین و ئاشنابوون و تێکەڵبوونی لەگەڵ زۆرێک لەئازادیخوازانی جیهانی عوسمانیدا بەتەواوی نەتەوە جیاوازەکانەوە کە ئەستەمبوڵ خاڵی بەیەک گەیشتن بوو بۆیان ، بیری نەتەوەیی و نرخی ئازادی بوونە هەوێنی نوێی شیعری حاجی ، لەناوچوونی میرنشینە کوردییەکان و داگیرکارییە ستەمکارە بەناو ئاینییەکانی عوسمانیەکان و جوولەی شۆڕشگێڕی بەدرخانییەکان تەکان و گوڕێکی تر بوون بۆ ئاسۆی بیری شیعری نوێ ، ئەمە خاڵی وەچەرخانی شیعری ڕۆشنگەری حاجی بوو ، هەرچەندە حاجی ڕووناکبیر و پێشکەوتووخوازی نەتەوەیی بوو لەگەڵ ئەوەشدا لەبازنەی ئایینی بنەماجواندا دەرنەچوو ، سەرەڕای ئەوەی ڕەخنەگری بیری ماتریالیستی ئەفلاتونی بوو.

لازمە خول بخۆی وەکو بەرداش
هەموو قەرنێ دەگۆڕێ ئەمری مەعاش
فەلاتون تۆ دەڵێی دنیا قەدیمە
لەخمخانەت بنێن وەک خۆت لەخم نا میران ، شارەزا ،2707، 26، 27

سەرەڕای ئەوەی حاجی دامەزرێنەری قوتابخانەی ڕۆشنگەری کوردییە و تایبەتمەندی ڕێبازەکەی نزیکبوونەوەیە لەئازار و هیوا و ئاواتەکانی نەتەوە ، دووخەسڵەتی گرنگ لەشیعری ئەودا دەبینرێت :

1. ڕوخسار و ناوەڕۆکی مرۆڤانە لەبەرهەمەکانیدا .
2. هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە بنەمان لەبونیادی دەقەکانیدا .

ئەم ڕێبازەی حاجی ڕێچکەی لەهەردوو ئەدەبی کوردی فارسی سەدەی نۆزدە و بیستدا بەنمونەی ئەحمەد موختار و ئەدیب مەمالیکی فەراهانیدا دەبینرێ .

ئەحمەد موختار جاف دەڵێت :

شاعیرانی کورد بەسە بەس باسی زوڵف و چاو بکەن
کەم خەیاڵی پەرچەم و کاکۆڵی ئالۆزاو بکەن

یادەڵێت :

لادە شاعیر تۆ لە باسی عەشقبازی و سەیری کە
چۆن خەریکن چەند کەسێک ئێستا وەتەن وێران ئەکەن مستەفا.1986، 104، 106

هەرلەم بارەیەوە ئەدیب مەمالیکی فەراهانی ئیرانی دەڵێت :

تاکی ڕی شاعر سخن پرداز می کنی وێف دلبران گراز
دفتری پرکنی زموهومات کە منم شاعر سخن پرداز وحیدی دستگردی، ؟. 285

لەڕاســـتیداهەردووەقی ئەحمەد موخنارو فەراهانی یەک دەقن وبەدووزمانی جیاواز خراونەتە ڕوو،کە لەڕووی دەلالییەوەبەرهەم هاتووی دووباروودوخی سیاسی ،کۆمەڵایەتی هاوشێوەن.
ئەو ڕاگوزەری ســـەردەمێکە کەجگە لەدەقەکانی توانای خۆســـەلماندنی لەوە زیاتری نەبووە کەجێ پەنجەی خۆی تێدا بنەخشـــێنێت ، بەڵام ئەو تێرکردنی ویســـتەکـانی خۆی تێکەڵ بەبەرهەمەکانی دەکات و ڕابوردوویەکی تاڵ هەناردەی ئایندەیەکی گەشتر لەسەر ئاستی نەتەوە دەکات ، لەهەمان کاتدا پیرۆزیەکی ئەدەبی یا ڕوونتر شـیعری دەکاتە بەهایەک و خەسـڵەتێکی ئەدەبی و ســـەرقافڵەی شـــیعری ڕۆشـــنگەری کوردی لەخۆدا بەرجەســـتەدەکات ، ئەمەش بەرهەمهێنانی دەلالاتێکی مرۆڤ دۆستانەی نەتەوەییە ، بەدەر لەشوناسێکی ناسیۆنالیستی بیر تەســـک و بەرتەســـک هەرئەمەشـــە وای کردووە حاجی لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا ناوێکی تەلیسماوی بێت .
حاجی مامەڵەی لەگەڵ ســـاتەوەختە مێژوویەکاندا وەک یۆتۆپیایەک کردووەکە ئەم ملکەچی مێژوویەکی مژاویە کەهەست بەناکارایی داماڵراو لەئیرادە بکات بۆیە ، شیعر دەکاتە ئامرازی شـۆڕش و ڕەخنە کەبەڕای ئێمە کاریگەری لەشـۆڕشـی چەک گەورەتر و ڕەهاترەپیرەمیردی شاعیریش نەهامەتی نەتەوەکەی تاڵاوو زوخاوی دڵیەتی دەڵێت:

قافیەی ئەکرادهەر بەدنیهادبوو
بوومی شووملەشوێن بووممان دڵشادبوو هاوار،1970، 30

دیسانەوە دەڵێت:

یاد کەن براکەم یاد کەن
یادی کاوەی ئاسنگەر
سەر ڕێوشوێنی بگرن
تاکو وەتەن بێتە بەر هەمان سەرچاوە،46

قانعی شـاعیریش بەردەوام خەمی نەتەوەکەی لەکۆڵگرتووەو مێژووی پڕســەروەری لەئێســتادا وەبیر دێنێتەوە،بەوهیوایەی ماکی ڕابووردوو ڕابوونوو هەستانەوەبخوڵقێنێ:

ماجەرای کاوەم بەیان کەم بەردی ڕەق ئەتوێتەوە
چی بەسەر خاکی عەجەم هێنا ،لەشۆڕوئیزتیراب
یاکەریم خانم چلۆن بوو،من نەڵێم تۆ خۆت بڵێ
چۆن لەخاکی فارسەکانا ،کەوتەسەر قەهرو عیتاب
بورهان قانع،2005، 75

بۆیە پێویســـتە ئێمە ئاوڕێکی قوڵتر بدەینەوە و دوانەیەک نیشـــانبدەین کەبونیادی پێکهێنەری بەرهەمی ئەون ، بونیادی ئەوی ئێرەی نەهامەتاوی و کارەساتباری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشـنبیری ....هتد ئەوی ئەسـتەمبوڵ کەچەقی وەچەرخانە لەوی مەعریفیدا لەئاسـت نەتەوە و مێژوودا ، ئەو خوازیاری شـوناسـێکە لەئاسـتی نەتەوەدا کەبەداخەوە ئاکاری ئەو شـوناسـە لەئاسـتێکی نزمی لایەناویدا بەرهەمهاتووە کە دوورنییە مۆتەکەی نەهامەتییەکان بەمێژوویەکی ڕەشتر چۆکبخاتە سەر سنگمان هەرچەندە حاجی لەڕۆحیدا مانا دەلالیەکانی ڕزگاری نەتەوەیی بەرەو مێژوویەکی گەشتر و بەهیواتری نەتەوەدا دەنێرێت .

ئەنجامەکان

پاش ئەوەی تیشکمان خستە سەر لایەنی نەتەوەیی لەشیعری خانی ـــ حاجیدا چەند بابەتێکی گرنگمان لەهەناوی شیعرەکانیاندا هەڵهێنجا :-

1ــ خانی ژیانی کوردەواری لەوێنەیەکی ئەنسکلۆبیدیدا نیشانداوە،
2ــ خانی بەشیعرەکانی وریابوونەوە یا ڕێنیسانسێک لە عەقڵی کوردیدا بەرپا دەکات
3 - حـاجی هێز و پێزی شـــیعرە نەتەوەییەکـانی گوڕ و ڕەونەقێکی تری بەخشـــییە هێزی شاعیرێتی ئەو .

4-حاجی ڕەهەندێکی ڕۆشنگەری و مەعریفی ئاخنیە نێو شیعری نەتەوەیی . 5-حاجی دیدێکی مرۆڤانەی ناسیۆنالیزمی کوردی بوو ، کە ئاواتی بوو هەمان ڕەهەند لەعەقڵ و دیدی نەتەوەکەیدا بچەسپێت .

6- وەچەرخانی شیعری دەرەنجامی بەریەک کەوتنەکان و ئاشنایەتیەکانی ئەستەمبوڵی بوو .

7- مەم و زینی خانی و تێکەڵی بنەماڵەی بەدرخانییەکان هەوێنی زیاتری ئەوبوون بۆ وەچەرخانی شیعری.

8- لەئەستەمبوڵدا زیاتر لەگەمەی ئاینی لەسیاسەت و ستەمکاریدا تێگەیشت ،هەرچەندە دیدی حاجی بۆ ئاین دیدێکی بێ گەرد و جوانو هەرگیز لەسنووری فەلسەفەی ئیسلامی دەرنەچووبوو .

9- حاجی دژی شێخ و ئاغا و فریودەرانی تر وەستایەوە ، کەجگە لەگێل کردن و فریودان شتێکی دی نییە ، ئەمەش چەوسانەویەکی چینایەتی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا هێنابوویەکایەوە .

10- حاجی لەیەک کاتدا وەچەرخان و داهێنەر ، شۆڕشگێڕ و ڕەخنەگر بوو .

11- ڕۆڵی زانست و سەنعەت و ئازادی ژنی لەچوارچێوەی گەشتن بەکۆمەڵگایەکی پێشکەوتووخواز دەزانی .

12- زمانی شیعری لەزمانی سادەی خەڵک نزیککردەوە کەدواتر چەندین شاعیری تر هەمان ڕێچکەی ئەویان گرت

13 - بەهەمان شێوە شاعیرانی دواتری کوردستان ڕێچکەی حاجی وخانی یان گرت لە بەرگری نەتەوەییدا.

ئەم ئەنجامانە بوونە پێگەی حاجی لەئاسمانی ئەدەبی کوردیدا و سەرقافڵەی شیعری ڕۆشنگەری کوردی لەخۆدا بەرجەستە کرد .

14- خانی - حاجی بەرهە مەکانیان پروژەیەکی ڕزگاری نەتەوەیین، ڕەخنەییە کە بەداخەوە بەئێستاشەوە عەقڵی کوردی ئاوڕی جدی لێ نەداوەتەوە .

## Sarchawakan

### -Kurdy


1. hilmy rafiq.1988.shieru adabyaty kurdy.bargy yakam,matbaa altaelim aly.baghdad .
2. mukryany hazhar.1361.diwany arfy rabany shek ahmady jaziry.chap awal.entisharat srush.shrkaty chirkaty chap pnguin.chapu shirkat ufsat.tihran.
3. miran sardar hamid.sharazakarim mstafa.2707.diwany hajyqadry koiy.pidachunaway mamosta masud muhamad. Sna.
4. mudaris mala abdulkarim. Abdulkarimfatih.1987.diwany naly.chapy dwam.entisharaty Kurdistan
5. muhamady hady.1980.komalnasy adaby.chapxanay shvan.nashry chachma.hihran
6. rasul.profisor.dktorezadin Mustafa.1986.diwany ahmad muktar jaf.amindaryatyroshnbiriu lawany nauchay otonomy.chapxanay adib.baghdad.
7. mala karim muhamad.1989.hangawiky tr ba rigada baraw sag krdnaway diwany hajy qadry koyi.chapxanay dar alhuriya .baghdad
8. hawar muhamad rasul.? .piramirdy namr.chapxanay al any.baghdad
9. rasul,dktor eizadin mustafa.2008.ahmady xany.shaer u hunarmandy failasuf u sofy.dazgay chapu paxhchy sardam.slimany

10. abdulkarim hamid abdulkarim.2000.ahmad muktar bagy jaf.u mrov.chapu paxshy hamdy, slimany.
11. qana burhan.2005.chapy shasham.chapxanay dalaho.blawkraway paez.hahran.
12. qaradaxy ata.2006.garan badway manakany sheerda.chapy yakam.dazgay chapu paxhshy sardam.slimany.
13. qana mariwanwrya.2013.fikru bunyad,chapy yakam.chapxanay karo.slimany.
14. sajady alaadin.1989.mizhuy adaby kurdy.sna.

**-Farsy**

1. dast gurdy wahid.?. diwany kamil adib al mamalik farahany qaem maqamy.
2. zarin kub abdul hsain ,1387. Du qarn skut.chap nuham.tihran.
3. kadkuky muhamad riza shafie.1359.adwary sherry farsy.entisharaty tus.chap shirkaty ufsat.tihran.
4. pur yahya arin1372. Az saba ta nima.jldy yakam.entisharat zwar.chapy haftum.chapy gul shan.tihran.

**Arab**

1. rasul d. ezadin Mustafa . 2010. Al waqieya fy al adaby kurdy.arbil.
2. al barwary D.muhamad zaky .2002.al kurd wal dawla al usmaniya.al taba al ula.dar alzaman laltibaa wa al nashr.dimashq
3. al haraka al taharuriya fy al sher al kurdy al maasir.

-**GGova**

- govary hiwa,1987zhmara6.govariky runakbiry gshtiya.

**-Namay zankoiy**

- amin muhamad amin muhamad noori.2004 shaqly niwa xwazy la sherry kurdu farsida.